# مەحوی لەنێوان عەشقی خوداو عەشقی ئەو شۆخەدا

ئارام قەرەداغی
Aram_qaradaghi@hotmail.com

گەلێك قسەو باسی زۆر لەسەر شیعر و بیروبۆچونەكانی مەحوی لە ئەدەبی كوردیدا دەبینرێت, بەو پێیەی مەحوی یەكێكە لەشاعیرە هەرە دیارەكانی ئەدەبی كوردی, ئەدەبیاتی ئێمە هەتاكو ئێستاش شانازییەكی زۆر بەم شاعیرە گەورەیەوە دەكات, چونكە توانی لە نوسیندا ببێتە خاوەنی ستایلێكی تایبەت بەخۆی, كە بە بینینی دو دێڕ لە شیعرەكانی بتوانرێت جیابكرێتەوەو مۆركی تایبەتی خۆی هەبێت لەشیعردا. ئەو لێكۆڵینەوانەی تا ئێستا كراون زۆربەی هەرەزۆری لەسەر ڕەگەزێكی تایبەتی لەشیعری مەحویدا دەدوێن ئەویش سۆفیگەریە, تەواوی شیعرەكانی مەحوی كەباس لەهەستەكانی ناو دڵی دەكات دراوەتە پاڵ خوداو مەحوی كراوە بەو كەسەی تەواوی عەشقی ناو دڵی بۆ خودایەو جگە لەخۆشەویستی خودا هیچ جۆرە خۆشەویستیەكی دی دزەی نەكردۆتە ناو دڵیەوەو خاڵیە لەهەموو شتێك, ئەم جۆرە قسەكردنە لەسەر شیعرەكانی بەرای من غەدرێكی گەورەیە بەرامبەری كراوە, مەرج نیە تەواوی شیعرە غەزەلیەكانی مەحوی بریتیبن لەتەصەوف و توانەوە بۆ خودا, بەڵكو بە پێچەوانەوە تەصەوف رێژەیەكی زۆر زۆر كەمی شیعرەكانی پێكهێناوە كە شایەنی ئەو زەقكردنەوە گەورەیە نییە تا ئەو بەو شێوەیە بناسرێت.

وەك دەبینین لە لێكۆڵینەوەكاندا لە شیعری مەحویدا زۆرینەی ئەو وشانەی كە مانای یار بگەیەنێت دراوەتە پاڵ خودا و كەسایەتی ناسكی ژنی لێ وەدەرنراوە, واتا مەحوی هەموو وشەكانی (یار, یان شۆخ یان دڵبەر ...هتد)ی لەجێگای خودا داناوە, پێویستە لێرەدا هەڵوێستەیەك بكرێت و بپرسین ئایا شیعری رەمزیی یاخود بەكارهێنانی رەمز لە شیعردا لە چ كاتێكدا دێتە ئاراوە؟ ئەمەش زۆر ئاشكرایە نەوەك هەر لە شیعرو ئەدەبیاتدا بەڵكو لەهەمو بوارەكانی ژیاندا كاتێك رەمز بەكاردەهێنرێت كە ناوبردنی وێنەی یەكەمی رەمزەكە سانسۆری بخرێتەسەرو ناوبردنی تەواو نەگونجاو و قەدەغەبێت, لەم كاتەدا پەنا دەبرێتە بەر بەكارهێنانی رەمز تاوەكو بتوانرێت مەبەستەكان لە وێنەیەكی تردا دەرببڕدرێن.

یاخود لەكاتێكی تردا رەمز بەكاردەهێنرێت بۆئەوەی لەرێگای ڕەمزەكەوە واتایەكی تەواوترو تێروتەسەلتر بدرێت بە دەربڕینەكە و ئامانجی تەواوەتی بپێكرێت, كەواتە ئەگەر وەك دەڵێن زۆرێك لە شیعرەكانی مەحوی سۆفیگەری بن ئەوا مەحوی چی پێویستی ئەكرد پەنا بەرێتە بەر بەكارهێنانی یار یان پەری یان هەرچ وشەیەكی دی بۆ رەمز لەجێگای خودا, خۆ لەزەمەنی مەحویدا ئەگەر بهاتبایە ناوی خودای بە ئاشكراو بەڕونتر ببردایە مەبەستی ئەو بوایە ئەوا ئامانجەكانی باشتر دەپێكا و خەڵكی زیاتر لێی تێدەگەیشتن و گەورەتر سەیریان دەكرد, پاشان گەر بەوردی سەیری شیعرەكانی مەحوی بكرێت زۆر بە ئاسانی لە گەلێك شوێندا دەبینرێتەوە كە مەحوی تەواو دڵدارانە دەدوێت و رەمزەكانی زۆر دورە لە سیفاتەكانی خوداوە, لەهەندێ شوێندا ئاسەواری روداو دەبینرێتەوە لەگەڵ دڵبەرەكەیدا كە بەسەری هاتووە, كە ئەمانەش روداوی بەرجەستەن و دوورن لە هەمو خستنە قالبێكی خوداوە, مەحوی لە كۆمەڵگایەكی كوردیدا كەسایەتیەكی دینی هەبووە و مەلاو گوتارخوێن بووە, وەك لەمێژوی ژیانی ئەو پیاوەدا دەبینرێت كە هێندە شارەزابووە لە یەكێك لە مزگەوتەكانی ئەستەنبولدا مەلا بووە و گوتاری خوێندۆتەوە, ئەم كەسایەتیانە لە كۆمەڵگای كوردیدا هەمیشە چاویان لەسەرە و گەلێك وشەو دەربڕین بۆ ئەمان بەهەموو شێوەیەك قەدەغەیە بەتایبەتی لە بابەتی خۆشەویستی و ژندا, بۆیە زۆرینەی غەزەلەكانی دراوەتە پاڵ خودا, ڕاستە لە بنەماكانی ڕێبازی سۆفیگەریدا وێنەی خودا خراوەتە وێنەی ژنەوە, بەڵام ئەم جۆرە رەمزە لە سۆفیگەریدا لەكاتێكدا سەری هەڵدا كە كەسی سۆفی بویە كەسێكی ناشیاو و نامۆ لە حكومەتی عەباسیدا و دوای كوشتنی حەلاج ڕویدا ئەگین لە نوسینەكانی حەلاج و پێش ئەمدا وەك رابیعەی عەدەوی و محیەدینی عەرەبی دا زۆر ئاشكرا و بەناوی خوداوە نوسینەكانیان نوسیوەو بێ پەنا بردنە بەر رەمز و رەمزكاری, هەرچەندە ئەم بەكارهێنانەی وێنەی ژن لە بری خودا لای ئیبن رۆمی زیاتر بەرچاو دەكەوێت, بەو پێیەی ئیبن رۆمی كەوتە ئەوكاتەوە كە سۆفیەكان بە ئاشكرا دەستكرا بە كوشتنیان, بەڵام لەسەردەمی مەحویدا هیچ سانسۆرێك نەبووە تا پەنا بەرێتە بەر ئەم جۆرە نوسینە, ئەگەر بگوترێت مەحوی وەك رێبازەكەی ئیبن رۆمی شیعرەكانی نوسیوە ناكرێت هەموو شیعرە غەزەلیەكانی بكرێت بە تەصەوف و دڵداری لەناو شیعری مەحویدا دابڕنرێت, چونكە گەلێك بەیتی هەن ناتوانرێت بدرێتە پاڵ خودا و بە ئاشكرا مۆركی مرۆڤایەتی پێوە دیارە, كە بەهەندێك نمونەی كورت ئەمانە زیاتر روندەكەینەوە كە دیوانەكەی پڕە لە چەندەها نمونەی لەم جۆرە.

لەشوێنێكدا مەحوی دەڵێت:

سەرت پێ لازمە مەییازە مەحوی
دەبێ دولبەر كەهات ئێمە بەسەرچین

لێرەدا مەحوی ڕودەکاتە خۆی و بەخۆی دەڵێت ئاگات لەسەرتبێت و لەناو نەچێت چونکە ئیشت تێی دەکەوێت, ئەوکاتەی کە خۆشەویستەکەت دێت ئەبی تۆ لەخۆشیا لەبری ئەوەی بە قاچ بچیت بە پیریەوە ئەبی بە سەر بچیت, لە دودێڕی تردا وەڵامی ئەمە دەداتەوە و دەیسەلمێنی کە ئەو چاوەڕوانییەی هاتۆتەدی و ڕوداوەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە دوای هاتنی دڵبەرەکەی, دەڵێت:

گلەیی پێشم لەسەر سەر هەم بووە بار
کەدی من دولبەرم هات و بەسەر چوم

لێرەدا دەڵێت من کە چاوەڕێی دڵبەرەکەم بووم, دڵبەرم گەیشت و بەسەریش چوم بۆلای بەڵام ئێستا پێم گلەیم لێدەکات کە بە سەر چوم و بەقاچ نەچوم. کە ئەم نمونەیە هیچ نکۆڵیەکی لێناکرێ پاش ڕودانی ڕوداوێك گوتراوە.

لەناو غەزەلەکانی مەحویدا دیاردەیەکی تر زۆر بەڕونی دەری دەخات کە مەحوی مەبەستی خودا نەبووە و مەبەستی خۆشەویستەکەی بووە, چونکە لە گەلێك شوێندا یار بە ستەمکارو خوێنڕێژ ناودەبات, کە ئەم سیفاتی ستەمکاریە ناکرێت لای مەلایەکی وەك مەحوی بدرێتە پاڵ خودا, وەك لەیەکێك لە دێرەکانیدا دەڵێت,

لە ناوا باسی تۆبەی تۆبو ئەمرۆ ئەی ستەمگەر شۆخ
بخە ئەم تۆبە پاشی کوشتنی من, تۆ بی یو پیرت

لەخوێندنەوەی دیوانەکەی مەحویدا توشی چەندەها پارچە شیعری پڕ لەهەست و سۆزی دڵداریەکی تەڕ دەبین کە مەحوی هەمیشە ڕودەکاتە بەرامبەرو باسی ئەو شۆخەی ناو دڵی دەکات لەزۆر شوێندا لە ڕاڤەی شیعرەکانیدا ئەو شۆخە کراوە بە خودا یان بە ڕێنیشاندەرێکی دینی بۆ گەیشتن بە خودا, کە خۆی لە ڕاستیدا کاتێك لە شیعردا ڕەمز بەکار هات شاعیر لە شوێنێکی شیعرەکەیدا ئاماژە بۆ ئەو ڕەمزە دەکات بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەر, وە هەست بەوە دەکرێت کە ڕەمز هەیە بابەتی ناو شیعرەکە لەکاتی دەربڕینی ڕەمزەکەدا گۆڕانێکی بەسەردا دێت, مەحوی لە دودێڕی تردا باس لەوە دەکات کە تەمەنی وا پیر بوو کەچی نەگەیشتە ئەو شۆخەی کە دڵی لایەتی , وەك دەڵێت:

نەگە یمە ئەو جوانە و گە یمە پیری
مەدەد یا پیری پیرانی بوخارا

لەم بەیتەدا مەلا عەبدول کەریمی مودەریس ئاماژە بەوە دەکات مەحوی لێرەدا مەبەستی پێی ئەوەیە کە پیر بووە کەچی ڕشێی نەگەیشتە کەسێك ڕێنیشاندەری بکات بۆ لای خودا وشەی ئەو جوانە لای مەلا عەبدول کەریمی مودەریس بە ڕێنیشاندەر ڕاڤە کراوە, بەڵام تەواوی قەصیدەکەو ئەو چەند نیوە دێڕەی کە لە دوای ئەم دو دێڕەوە هاتون هەموی کۆمەڵە بەیتێکی تەڕی دڵدارین و هیچ ئاماژەیەکی بچوکیش نییە کە بمانباتەوە سەرئەوەی مەحوی مەبەستی ڕێنیشاندەربێت, تەواوی قەصیدەکە کۆکە لەسەرئەوەی مەحوی گفتوگۆ لەگەڵ شۆخەکەیدا دەکات, هەر لە هەمان قەسیدەدا لەچەند بەیتی دواتردا دیسان دەکەوێتەوە سەر باسی ستەمکاری ئەو شۆخەی کە ئەم پێی نەگەیشتوە و باس لە برژانگەکانی دەکات کە خوێناویی کردوە بە خوێنی دڵی عاشقەکانی, کە ئەم سیفەتانە دورن لەسیفەتی کەسانی ڕێنیشاندەر, وەك ئەوەی مەلا عەبدول کەریمی مودەریس لەسەری دواوە.

ئەو شیعرانەی کە بەم شێوەیە لێکدانەوەیان بۆکراوە دیوانەکەی مەحوی داگیر کردوە, کەهیچ مانایەك و ئاماژەیەکی سۆفیگەری تێدا نییەو دراونەتە پاڵ تەصەوف.

مەحوی لە دو دێڕ شیعردا زۆر بەڕونی ئاماژە بەوەدەدات کە زۆر لۆمەکراوە لەسەر لەسەر ئەو وشە تەڕانەی کە ئەوە دەسەلمێنێت لەناو خۆیدا عاشقێکی سەرسەختی شۆخەکەی بوە بەڵام ئەگەر هەندێك دەربڕینی گوتبێت بۆ شاردنەوەو ونکردنی شۆخەکەی بەکۆمەڵێك وشەی دینی, ئەوا لەبەر ئەو ناوی مەلا و شێخە بوە کە هەڵی گرتووە

وەك دەڵێت:

چاوە جێی ئەو شۆخە بیٚ, وتم و , وتی
ئەم مەلا شێخە قسەی بی جا دەکا.